# گەل رۆژی
# ROJI GEL

هەفتەنامەیەکی سیاسی رۆشنبیریی گشتییە، حزبی رزگاریی کوردستان دەری دەکات

ژمارە (١٦٨) یەکشەممە ٢٠٠٧/٢/١٨


## تورکیا: لەسەر ئاخاوتن بەزمانی کوردی سزا دەدرێن

هەواڵەکان: هەفتەی رابردوو دادگەیەکی تورکیا سزای زیندانی کردنی بەسەر سەرۆک و ژمارەیەک لە ئەندامانی پارتی ماف و ئازادی (حەقپار)دا بەهۆی ئەوەی چوار مانگ لەمەوبەر لە کۆمجڤینی پارتەکەیاندا بە کوردی قسەیان کردبوو، سەپاند.بە پێی ئەو بڕیارە، هەریەکە لە "شێخ عەبدولملیک فورات" سەرۆکی پێشووی "حەقپار" و "قاسم ئەرگون" جێگری سەرۆک، یەکساڵ سزای زیندان و ١٠ کەسی دیکەش سزای شەش مانگ زیندانیان بۆ بڕایەوە.

چاودێران پێیانوایە بەهۆی ئەو سزایەوە دەوڵەتی تورکیا لەبەرانبەر وڵاتیانی ئەورووپاو رێکخراوەکانی مافی مرۆڤدا دووچاری شەرمەزاری گەورەتر دەبێتەوە.

# عزەت دوری بەشداری لە چلەی هەڵواسینی سەدام دەکات

هەواڵەکان: رۆژی ٨-٢-٢٠٠٧ بنەماڵەی سەدام حوسێنی دیکتاتۆر بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە گەورە بەرپرسانی حزبی بەعسی دۆڕاو لە شاری سەنعای پێتەختی وڵاتی یەمەندا بەبۆنەی چلەی هەڵواسینی سەدام کە لە ٣٠-١٢-٢٠٠٦ لە پێوەندی رووداوی دوجێل سزای هەڵواسینی بەسەردا جێبەجێ کرابوو، کۆڕێکی ماتەمینیان ساز کرد کە هەندێ لە گەورە بەرپرسانی وڵاتی یەمەن لەوانەش یەحیا محەمەد برازای سەرۆکی یەمەن بەشدارییان تێداکردبوو.

بەگوێرەی هەواڵەکان لەو کۆڕەدا رەغدی کچە گەورەی سەدام وتاری خوێندۆتەوەو پەسنی باوکی کردووەو سوپاسی ئەو سەرۆکانەشی کردووە کە هاوخەمیان لەگەڵدا نواندوون، بەڵام حکومەتی ئوردەن لەیەکەمین کاردانەوەیدا سەبارەت بە وتارەکەی رەغد بەتووندی رەخنەی لێگرت و بەبێ نمەکی وەسف کرد و رایگەیاند کە دەبوایە سوپاسی شا عەبدوڵڵای ئوردنی بکات چونکە شای وڵاتەکەیان میوانداریتی رەغدی کردووەو ئامادەش نەبووە رادەستی حکومەتی عێراقی بکاتەوە.

لەلایەکی دیکەشەوە هەندێ لە رۆژنامەوانان ئاشکرایان کردووە کە عزەت دوری کە لایەن هێزەکانی ئەمریکاو عێراقەوە داوا دەکرێ لە چلەی هەڵواسینی سەدام حوسێندا بەشداری کردووە، بەڵام تا رووزەردی بۆ وڵاتی یەمەن دروست نەبێ، وتاری نەخوێندۆتەوە. بەگوێرەی هەواڵەکان دوای تەواوبوونی چلەی ماتەمینی دوری لەگەڵ گەورە بەرپرسانی بەعس و رەغد دا کۆبۆتەوەو سەبارەت بەو کۆنگرەیە قسەی بۆکردوون کە بۆ نوێکردنەوەی حزبی بەعس پێکد وەی شیاوی باسە دواتر سەرچاوەکانی هەواڵ ئاشکرایان کرد کە حزبی بەعسی دۆڕاو کۆنگرەی نائاسایی خۆی پێکهێناوەو عزەت دوریشیان وەک سەرۆک هەڵبژاردووە.

ئەمە لەگەڵ ئەو دەنگۆیانە یەکدەگرێتەوە کە دەگوترا عزەت دوری لە وڵاتی یەمەن پەنادراوە، کەچی حکومەتی یەمەن زۆر بەتووندی ئەوەی رەت دەکردەوەو دووپاتی دەکردەوە کە عزەت دوری پێی لە یەمەن نەناوەو ئەگەر داواش بکات پێشوازی لێناکرێ.

## کۆنگرێس ناردنی سەربازی زیاتر بۆ عێراق رەتدەکاتەوە

ئەندامانی کۆنگرێسی ئەمریکا لە دەنگدانێکدا خواستی سەرکۆماری ئەو وڵاتەیان بۆ رەوانەکردنی سەربازی زیاتر بۆ عێراق رەتکردەوە.

نانسی بلوسی سەرۆکی کۆنگرێسی ئەمریکا لە دوای یەکلایی کردنەوەی دەنگدانەکەدا بە میدیاکانی راگەیاند ئەمە واتای ئەوە کە ئیتر سەرۆک بووش کارتی سەوزی بۆ رەوانەکردنی سەربازی زیاتر لەدەست دانیە.

شیاوی باسە لەو دەنگدانەدا ٢٤٦ کەس بە نەرێ و ١٨٢ بە ئەرێ دەنگی خۆیان بە پێشنیارەکەی سەرۆک بووش دا، لەنێوان ئەواندا ١٧ کەس ئەندامی پارتی کۆماریخواز بوون کە جۆرج بووش سەرۆکایەتی دەکات.

کۆنگرێسی ئەمریکا رایگەیاندووە کە پشتیوانی لە مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق دەکات، بەڵام رازی نیە کە سەربازی زیاتر رەوانەی ئەو وڵاتە بکرێ. چونکە لەوانەیە ببێتە هۆکاری توندوتیژی زیاتر لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

لەلایەکی دیکەوە زۆرینەی ئەندامانی پارتی



کۆماریخواز رەخنەیان لەو دەنگدانەدا گرتووەو پێیانوایە کە ئەمە شکستی دەروونی بۆ سەربازانی ئەمریکا دروست دەکات، ئەمەش لەبەرژەوەندی بەرنامەی سەربازی وڵات دانیە.

## تەقینەوەکان شاری کەرکوک دەهەژێنن

کاتژمێر ٩,٥٠ ی رۆژی ١٧-٢-٢٠٠٧ دوو ئۆتۆمبێلی بۆمبڕێژکراو لە گەڕەکی رەحیماوەی شاری کەرکوکدا تەقێندرانەوە کە بەوهۆیەوە دەیان کەس شەهیدو برینداربوون.

جێگەی داخە ماوەیەکە تیرۆریستانی رەنگاورەنگ شاری کەرکوکیان کردۆتە ئارمانجی تەقینەوەکانی خۆیان و داخ لەدالانە وڵاتیانی سڤیل شەهیدو برایندار دەکەن و زیان بە شارەکە دەگەیەنن.



بەگوێرەی هەواڵەکان رۆژی هەینی ١٦-٢-٢٠٠٧ پێنج تەقینەوەی دیکە لە گەڕەکەکانی شاری کەرکوک ئەنجام درابوون کە زیانی گیانی وماڵیان بە دانیشتووانەکەی گەیاندبوو، هەروەها چەند رۆژ پێشتریش هاوکات ٧ تەقینەوەی گەورەتر شاری کەرکوکیان هەژاندبوو.

ئەوەی شیاوی باسە هێزە عەرەبیە توندرۆکان و بەرەی تورکمانی بە پاڵپشتی دەوڵەتی تورکیاوە زۆر راشکاوانە هەوڵی شێواندنی رەوشی کەرکوک دەدەن و دەیانەوێ رێگری لە جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ بکەن و بەڕێوەبردنی راپرسی بۆ یەکلایی کردنەوەی چارەنووسی پارێزگاکە دوورتر بخەنەوە.

## لە سێ ساڵدا نزیکەی سێ ملیۆن عێراقی ئاوارە دەبن

کۆمیسیۆنی باڵای پەنابەرانی سەر بە رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان ئاشکرای کردووە کە لەماوەی سێ ساڵی رابردوودا دوو ملیۆن و حەفت سەد هەزار عێراقی لەبەر توندوتیژیەکانی ناوخۆی وڵاتەکەیان کە شێوەی شەڕی تایفی ئاشکرای وەرگرتووە ماڵ و شوێنی ژیانی خۆیان بەجێهێشتووەو رێگەی ئاوارەیان هەڵبژاردووە.

بەگوێرەی زانیاریەکانی (UNHCR) زیاتر لەیەک ملیۆن کەس روویان لە سوریا و ئوردەن کردووە، هەروەها زیاتر لە ١٠٠هەزار کەسی دیکەش خۆیان گەیاندۆتە وڵاتی میسر. ئەمە وێڕای ئەوەی کە بە دەیان هەزار کەس لە رێگەی قاچاغەوە گەیشتوونەتە وڵاتانی ئەوروپا و داوای پەنابەرییان کردووە.

رێکخراوەکە ئاشکرای کردووە کە هەرچەندە کە تورکیا دراوسێی عێراقە بەڵام لەبەر سیاسەتی حکومەتی تورکیا کەمتر لە ٣٠٠٠ هەزار بە ناچاریەوە روویان لە تورکیا کردووە و لەوێوە هەوڵیانداوە بەرەو یۆنان و وڵاتانی دیکەی ئەوروپاوە بڕۆن.




## رۆژەڤ

واخەریکە زستانی ئەمساڵیش بەبێ نەوتی و بەبێ سووتەمەنی بەرەو کۆتایی دەڕوات. هەرچەندە کوردستانیان لەم زستانەدا زۆریان دەردەسەری و سەرما چێشت، زۆربەی کاتی خۆیان بۆ پەیداکردنی سووتەمەنی تەرخان کرد، هەزاران پیرو پەککەوتە لەبەر ساردی ماڵەکانیان و لەبەر تەوژمی سەرما و سۆڵە وێکهاتنەوەو هەندێکیشیان گیانیان لەدەست دا، بەڵام دیسانیشەوە ساردی زستان لەبەرانبەر ورەو هێزی لەبن نەهاتووی خەڵک بەچۆک داهات.

چەند ساڵێکە زستانان خەڵک بە دوای سووتەمەنی بۆ گەرمکردنەوە و هاوینیانیش بەدوای فێنکردنەوەدا دەگەڕێن، کەچی حکومەت کەمتەرخەم و خەمساردانە لەو کێماسیانەی رووانیوەو هەنگاوی شێلگیرانەی بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە هەڵنەگرتۆتەوە. حکومەت و لایەنە سیاسیەکان لەکاتی پێویستیدا خەڵکیان بیر دەکەوێتەوەو داوایان لێدەکەن کە پشتیوانیان لێبکەن، هاوکارییان لەگەڵدا بکەن،کەچی کاتێ قەیرانێک سەرهەڵدەدا ئەوان خۆیان لە خەڵکەکە هاوێر دەکەن.

باشە بۆچی دەستەڵاتداران دەتوانن سووتەمەنی بۆ خۆیان دابین بکەن، ماڵەکانیان و شوێنی کارکردن و حەوانەوەیان گەرم و فێنک بکەنەوە،بەڵام ئامادەنین رێژەیەک لەو سووتەمەنیە بەو کەسانە بدەن کە پێشتر پشتیوانیکردنیان لێخواستوون؟! باشە بۆچی بەرپرسان ئەو هەموو هەژارە نابینن کە رۆژانە لەسەر شەقام و کۆڵانەکاندا لە سەرماندا هەڵدەلەرزن و بۆ بژێوی رۆژانەیان تاقەتپڕوکێنانە کار دەکەن و تێدەکۆشن؟!

گەلی کوردستان هێشتا ئازارو مەینەت و ستەمەکانی بەیەکجاری کۆتا نەکردووە، هێشتا بە چڕنوکی ناحەزو دوژمن گەمارۆ دراوە، ئەمەش وایکردووە کە خەڵک پێ لە جەرگی خۆیان بنێن و باڵی خۆیان قۆڵبکەن و بەرگەی ئەو هەموو کێشە و قەیرانە بگرن، حکومەت و دەستەڵاتدارانیش زۆر زیرەک و هۆشیارانە ئەو راستیەیان قۆزتۆتەوەو گەورەیان کردۆتەوە، هەمیشە ترسەکانیان چڕ کردۆتەوەو هەترەشی خەڵکیان پێبردوون، هەمیشە سەرنجی خەڵکیان لەسەر کێماسیەکان لاداوەو بەرەو مەترسی دەرەکی چاوەڕوانکراو پەلکێشیان کردوون.

ژیان و هاوکێشە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان لە گۆڕان دان، خەڵک بە ئاواتەوە لە داهاتووی خۆیان دەڕوانن و باوەڕیان بە دوارۆژێکی پرشنگدار هەیە، بەڵام دیسانیشەوە تاسەر لە چاوەڕوانی گۆدۆدا راناوەستن و تا هەتایی ئەم هاوێرکاری و جیاکاریە پەسند ناکەن. ئەگەر جەماوەر لەوە دڵنیابێ کە حکومەت خزمەتگوزارەو هی خۆیەتی و جیاکاری لە نێوان ئەندامانی حزب و خەڵکی ئاساییدا ناکات ،بێگومان زۆر پەرۆش و دڵسۆزانەتر پشتیوانی لێدەکات و دەیپارێزێ، بەڵام ئەگەر جەماوەر بەچاوی خۆی درێژەی هاوێرکاری و جیاکاریەکان ببینێ لەوانەیە رەوتی نارەزایی و گلەیی و گازاندەکان بەرەو شوێنێکی دیکە تاو بدات، ئەو کات هەم زیان بە کێشەی رەوای گەلی کوردستان دەگات و هەم دەوڵەتداران و بەرپرسانیش بەری رەنجی پەشیمانی دەچننەوە.

خەڵک دەخوازن کە حکومەت هی تێکڕای گەل بێ، حزب و حکومەت لەیەکتری جیا بکرێنەوەو لەسەر پڕۆژە خزمەتگوزاریەکانیدا کێبەرکێ بکات، خەڵک چاوی لەوەیە کە ئیتر دیواری نێوان بەرپرسان و جەماوەر بڕوخێندرێ. لەم پێوەندیەدا ئەرکی حکومەتە کە چاوێک بە کارەکانی رابردووی بخشێنێتەوە، هەڵسەنگاندن بۆ بەرپرسان و فەرمانبەران و کارمەندانی بکات، پەنجەنیشانی خاڵە ئەرێنی و نەرێنیەکانی خۆی بکات، لەو شوێنەی کێماسی هەیە راستی بکاتەوە، لەو شوێنەی چاک و دروستی کردووە، گەشتری بکات و باشتر درێژەی پێبدات.

## لەم ژمارەیەدا


ل٣ پەلامارەکان کێشەی نێوان ئێزدی و موسڵمان قوڵتر دەکاتەوە

ل٥ کۆنفرانسی ئاشتی میونخ و مەلەفی ئەتۆمی ئێران

ل٦ دەمویست بە جگەرگۆشەکانم شاد ببمەوە

ل٧ ژنان، نێچیرێک لە داوی رێکلامدا